# دەقی" سنور" ی ئەبوبەکر عەلی
# لەنێوان خەیاڵی شیعر و پەشیمانی لە واقیع دا

**زانا سامان**

بۆ زیاتر گرنگیدان و چوونە نێو پوختە و ناوەرۆکی ئەم کارەوە، دەبێت شرۆڤەیەکی کورت لەسەر بواری نوسین بدەین، ((نوسین)) بەو پێدانگە ئەدەبیەی کە سەرجەم ژانرەکان دەگرێتەوە.

لەناو ئێمەو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، زیاتر ئەوانەی خۆیان بەنوسینەوە سەرقاڵدەکەن پر نوسینتزینیان، روو دەکەنە هەردوو بواری (شیعرو چیرۆك)، لەبەر ئەوەی هەمیشە کێشە هەنوکەییەکان لەخەڵکەوە یاخود رونتر بڵێین لە رووداوەکانی رابردووەوە سەرچاوەدەگرن و نوسەرانی ئەم دوو بوارەش بۆ ئارامبوونەوەی ئەو کێشانەی کە تووشی مەلولیان دەکات، کاری لەسەر دەکەن، بۆ ئەوەی لەسێبەری ئارامیدا تاوێك بسرەون، بەڵام بەجۆشترین و پاکنوسترین کار، ئەو کاری نوسینەیە کە ئەگەر لە پاش بەرهەمەکە، ناگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختەکانی ((ئاگایی))، ئەو کات چارەنووسی فەرهەنگ و ناسنامە ناتەبابی و دوبەرەکی لێ پەیدا دەبێت.

بۆیە دەبێت کە ئەوانی نوسەر، ئەو حاڵەتە بەری دەکەونو روبەروی دەبنەوە، توانایان بەسەر تەوزیفکردنەوەیدا بشکێت. ئەوا بێشك خودی نوسەر، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوی مرۆڤی ئاساییدانییە بۆیە کاتێك کە نوسەر و بەتایبەتی شاعیران، دەکەونە حاڵەتی درك پێکردنەوە دەبێت لە ساتەوەختەکانی دارشتندا، پەنا بۆ ئەو حاڵەتە ببات کە ناوەرۆکی نوسینەکەی پێیەکانگیر دەبێت، هەر بۆیە دەبێت لە نێوان بوون و نەبووندا حەقیقەت و فانتازیای نوسیندا، نوسەر هەست بەخۆیی بوون بکات.

دیارە بەرهەمێك کە پێی دەگوترێ ((جوان))، ئەو بەرهامانە دەگرێتەوە کە لەرێگەی وشەو وێنەوە، ئاوێتە بەنوسین دەبێت و گیانی پڕ لە بەدواداگەڕان لە پێناوی داهێناندا گرِوتین بەخۆوە دەبینێت، داهێنەر ئەو کەسەیە کە نهێنیە شاراوەکانی ناوەوەی مرۆڤ بخاتە سەر گازەرەی حاڵیبون .

ئەگەر چی بۆ یەکەمین جارمە خوێندنەوە بۆ شیعر بکەم، بەڵام بەو پێوەرەی کە خۆیشم لە بواری شیعردا خۆم دۆزیوەتەوەو دەتوانم لەرێی ئەو ئەزموونە شیعرییەی کە هەمە، درك بەهەندێك حاڵەتی شیعری بکەم. لێرەدا کە یەکێك لە شیعرە کانی شاعیری شەهیدم هەڵبژاردووە بۆ کارو قسەکردن لەسەری، شیعری(سنور)5، ئەو شیعرەی دوای چەندەها جار خوێندنەوەو ڕاڤەکردن، هێشتا هەر تامەزرۆیبوندست بەردارت نابێت.

وردەکاریکردن لەم دەقەداو بەرچاوخستنی هەندێك حاڵەتی شیعرانە، وا دەکات کە وردوو درشت کار بۆ گەیاندنی سەر لەنوێ ئاوەڵاکردنی نهێنی دەقەکە بکەم، دیارە هەر لە سەرەتای واتە دەستپێکی شیعرەکەدا بەر ئەو رستە یە دەکەوین کە شێوە وەستانێك و بیرکردنەوەیەکی قوڵی تێدایە بەدەردەکەوێت، زۆرجار لەخوێندنەوەی هەردەقێکدا، وشە سادەو سەرەتاییەکان بەرچاو دەکەوێت و پاشان وردە وردە ئاوێتە بەفەنتازیاو ئەفسانەی نوسین و مەبەست دەبین، بەڵام لە شیعری ((سنور))دا.. راستەوخۆ و هەر لە سەرتاوە بەر حاڵەتێکی نا ئاسایی دەکەوین، ئەو حاڵەتێکی تایبەتمەندی نێو ناخی شاعیرانەکە ئەویش ((یاخیبونی شاعیرانەیە)) و بە فەلسەفەکردنی وێنە شیعرییەکانە، ئەو فەلسەفەکردنەی بەهۆی کێشەیەکی تایبەتمەندی شاعیرو، پرسیار لەلای خوێنەر بەجێدەهێڵێت، لە سەرەتای شیعرەکەدا.. هاتووە:

تکایە پێی بڵێن ئیتر

بەدیدارم ناگاتەوە

من ئەرۆم و

کە رۆیشتم... وەك چەم ئەرۆم

چەمیش ئاوڕناداتەوە

ئالەم چەند دێرە شیعری و تاك وێنەیەدا، ئەو حاڵەتە دێتە بەرهەم کە شاعیر لە کاتی وەرسی یاخود تورەبوون و گۆشە خواردنەوەیەکی نا ئاساییانەی، جودا لە مرۆڤی ئاسایی تووشی دەبێت، کە دەکاتە ((یاخیبوونی شاعیرانە)) ئەو یاخیبونەی بەهۆی هەڵچونێکی شیعرییەوە، دێرێکی سەربەخۆو جوڵەی وێنەیی شیعری بەرهەمدەهێنێ، یاخیبوونی شیعرییەت، لەهەر دەقێکدا دەبێتە خاوەنی تایبەتمەندیەکی زیندو کە هەمیشە خوێنەر دەخاتە ژێر پرسیاری قورسەوەو هەڵوێستەی پێدەکات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو جۆرە یاخیبوونە

شیعرییانە ئەگەر چی سود لە وێنەی واقیعیەت دەبرینرێت، بەڵام کارکردنی فەنتازیای شیعر لەو یاخیبوونەدا، وا دەکات کە تۆی خوێنەر، زۆر بە ئاستەم درك بەو نهێنیە پراو پڕ شیعرییە بکەین، وەك چۆن باسمان لە جوڵەی شیعری کرد و کەمێك شرۆڤەمان لەسەرکرد، ئەو باسکردنە، دەلالەتێك بوو بۆ جوانتر رونکردنەوەی ئەو چەند دێرەی کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە، لەوێنە شیعرییەدا هاتووە کە دەڵێت:

من ئەرۆم و

کە رۆیشتیشم....وەك چەم ئەرۆم

چەمیش ئاورناداتەوە.

ئا لێرەداو لە چەند دێرە شیعرییە، دەگەینە ئەو حاڵەتە پڕ جوڵەییەی کە لە زۆرێك لە شیعری شاعیراندا بەدەردەکەوێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چۆن ئەو جوڵە شیعرییە بەرهەم بهێنرێت، کاتێك لە شیعرەکەدا ئاماژە بە رۆیشتن دەدرێت، ئەوا ئەو کات بەدەر لە جوڵەی شیعری کە ئاوێتەی وێنەکەیە حاڵەتێکی تر لەودیو وێنە شیعرییەکەوە بەدەردەکەوێت، حاڵەتێك کە ئەگەر چی نهێنیەکی تایبەتمەندی شاعیرانەیە، بەڵام پەیدابوون و دروستبوونی بۆ بێزاری یاخود بێ هیوای لە هیوایەکی خامۆشکراوەو، لەو حاڵەتە نالۆژیکیەوە دێتە ئارای ناو شیعرەوە کە پێشتر خاوەنی دەقەکە، گەلێك واقیعیانە بە ئاواتی ئامانجیەتبوونی بووە، سەر هەڵدانی ئەم جۆرە حاڵەتانە، زیاتر لە عاشقبوون و پەیوەستبوونی کارێکی رۆحانیەوە دروست دەبێت، لەو کاتانەدا کە خودی ئەو عەشقەی لە نێوان ئەو دوو مرۆیەدا هەیە کەلێنی تیدەکەوێت، ئیتر بەهۆی ئەوەی کە غەدر لێکراو پێنوسی شیعری بەدەستەوەیە، هەڵدەستێت بە وێنەکردنی ئەو رووداوەی رووبەرووی بۆتەوە، هەمیشە شاعیران، کار لەسەر ئەو ساتانە دەکەن کە تیایاندا دڵشکاوبون ئەو ساتانەش، وا لە شاعیر دەکات کە لە ناوەوەی دڵشکاوی بوونیدا، بکەوێتە نێو ئەو ساتانەی کە دەیخاتە نێو ژیانی خەڵوەتکێشیەوە، خەڵوەتکێشی لە پێناوی دەربڕینی ئەو ڕووداوەی ئازاری بە رۆحی گەیاندوە، هەڵڕشتنی ئەو فرمێسکەی کە گریانێکی هەمیشەیی شیعری، توشی موسیبەتە پێشتر نەویستەکەی کە شاعیر خۆی لێ بەدوورگرتووە، بەڵام دەورانی زەمەن ئەو ئاسنە بە ئاگر داخکراوە دەچزێنێت بە رۆح و هەستیدا.

خۆشم ویستی...و......وام ئەزانی

لەو رۆژەوە....خۆشم ویستووی

پەپولەیەکی خەمباری و،

لەسەر برژانگم هەڵنیشتووی

موسیبەتی عەشقی شاعیر لەو شوێنەوە دەست پێدەکات، کە ئاوێتەبوونی بە عەشق دەیخاتە کەڵکەڵەی خۆ لەیادکردنەوە، ئیتر مەودایەك نامێنێ بۆ گەرانەوەی نێو واقیع کاتێك شاعیر بەپێی تێفکرینەوەی وەزی رۆمانسیەتی خۆی، یارەکەی بە پولەیەك دەشوبهێنێت و نزکترین پێگەی دیتن کە برژانگەیەتی، بۆ ئەوەی هەمیشە بەبەرچاوی ئەمەوە، پەپولە یار سەما بە باڵەکانی بکات و دوعای هەمیشە زیندویی تەمەنی بۆ دەکات و دەخوازێت کە بۆ هەتا هەتایە، ئاوێتە بە وەرزی بەهاری عەشقەکەی بێت و لە دنیایەکی دیداو لە زەمەنێکی خوازراودا ژیان بگوزەرێنێت، بەڵام ئەو خواستنە دەتوانین ناوی لێبنێین (( دوجار بە فێرۆچوونی خواست و ئاوات))، یەکەمیان ئەوەیە کە (وایدەزانی)، ئەم ئایندەیە روبەروی زۆرینەی عاشقان بووەتەوە، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو خەیاڵە نامەنتیقیەی لەزەینی خۆیدا دروستیکردووە، دنیایەکی پڕ لە جوانی..... رێگایەکە کە کۆتاییەکەی بەیەکانگیریەکی عاشقانە دەبەسترێتەوەو سنورێك لەبەردەمی خواستەکەیدا نامێنێت، کەچی دەگەنە ئەو حاڵەتەی کە ئیتر ئەم و ئەوی عاشق بکەونە دروستکردنی تاك مرۆیی بەهەردوکیان و لە نێوان هەردوو رۆحەی عاشقانەیەکەدا، رۆحێك بسازێنن کە هەڵگری گیان فیدایی و وەفابێت لەبەرامبەر ئەو بەڵێنەی کە داویانە، یەکێکیان تووشی موسیبەتێك دەبێت، ئایا چ موسیبەتێك.....؟! بێشك کە لە ناو دنیای عەشقدا ژیانێکی ترو خواستێکی جوان هەیەو خەیاڵێکی هەمیشەیی دروست دەبێت و عاشقان بەرەو یاخیبون دەبات، کەچی لە پڕ واقیع پەرستی دەکێکیان وا دەکات کە درز بکاتە قەڵای عەشقەکەوەو ئەوی تەنیا بەجێماوی نێو قەڵاکە، هێندە دەکەوێتە خۆ خواردنەوەو ئەوەندە کەلەی پەشیمانی دەکوتێت بە دیواری قەڵا درزتێبووەکەدا، تاوایلێدێت کە قەڵاکە بەسەریدا بروخێت و بۆ هەتا هەتایە لە ژێر دارو بەردی دارماندا بزرببێت.